# له ستۆكهۆڵم نیان مستەفا كەلتوری كورد تێكەڵ بە پێشانگای بوك و زاوای میللەتانی دنیا دەكات



نمایشی بوك و زاوای كورد                نیان مستەفا

**رزگار / سوید**

شارەوانی ستۆكهۆڵم بەشی كاروباری هونەری لەرۆژی 23/1 /2010 بەبەشداری هەندێك لە گەلانی دنیا پێشانگایەك بۆ چۆنیەتی كەلەتورو جلوبەرگی بوك و زاوای میللەتان دەكاتەوە لەو پێشاگایەدا نیان مستەفا قادر لە كۆمەڵەی كەلتوری تێكەڵاو هاوشانی كەلەتوری نەتەوە بەشدارەكان كەلەتوری كوردی نمایش دەكات .

نیان مستەفا قادر بەرپرسی كۆمەڵەی كەلتوری تێكەڵاو لە ستۆكهۆڵمی پایتەختی سوید كە كۆمەڵەیەكی كوردییەو كار دەكات بۆ تێكەڵكردنی كەلتوری كوردی بە كەلەتوری میللەتانی دنیا لە بارەی بەشداریكردن و چۆنیەتی كارەكانیان بۆ بەشداری لە پێشانگای بوك و زاوای میللەتان رایگەیاند "لەو پێشانگایەدا ئێمە هاوشانی هەریەك لە میللەتانی سلۆڤاكیا و پۆڵۆنیا و ئایسلاند و ژاپۆن و سوید بەشداری دەكەین هەوڵ دەدەین بەجوانترین شێوە كەلەتوری لەمێژنەی كورد بگوازینەوە ناو ئەو كەلتورە بەشداربووانەو زیاتر بە ئامادەبوانی پێشنگاكەی بناسێنین".

نیان زیاتر لەبارەی كارەكانی ئەو پێشانگاوە كە لە ستۆكهۆلمی پایتەختی وڵاتی سوید سازدەكرێت وتی"سەرەتاو لەرۆژی 2010/1/23 بەپێی بەرنامەیەك بەشێوەی نواندن پێشاندان و رێكخستنی تارای بوك و زاوا پێشكەش دەكرێت و دەبێت دوو كاراكتەر رۆڵی بوك و زاواكە ببینن بۆ ئەوەی وەكو خۆی تارای بوك و زاوای میللەتان پێشان بە ئامادەبوان بدرێت ئێمەش بەمەبەستی پێشكەشكردن و ناساندنی تارای بوك و زاوای كورد وەك ئەوەی كە لەمێژوی خۆماندا هەبووە ئامادەییمان كردووە كە كچ و كورێكی جوان و لێهاتوو ئەندام لە كۆمەڵەكەمان ئەو نمایشە دەكەن, رۆژی یەكەم بە ئامادەبونی میوانانی پێشانگا و ئەو میللەتانەی بەشداری دەكەن نمایش و پێشاندان و رێكخستنی تارای بوك و زاوای میللەتان بەرێوە دەچێت, دواتر لە رۆژی 2010/1/27 دوبارەی چالاكیەكە دەكرێتەوە بە پێشكەشكردنی موحازەرات لەسەر كەلتورو تارای بوك و زاوای میللەتان لەلایەن بەشداربووەكانەوە, هەر هەمان رۆژیش لەسەر چۆنیەتی دروستكردن و رێكخستن و نمایشی تارای بوك و زاوای میللەتان چەند ۆركشۆپێك پێشكەش دەكرێت و لە ۆرك شۆپەكەدا خەڵكێكی باش بەشداری

دەکەن بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر دروست بون و ڕێکخستنی ئەو تارایە لەلای میللەتانی دنیا."

بەڵام نیان نیگەران بوو لەوەی کە لەوکەسانەی بەشداری دەکەن وەك میوان و وەك بەشداربوانی ۆرك شۆپەکان زۆرینەیان سویدین بەبەشداری میللەتانی تری بەشداربوو بەڵام کوردەکان نە وەك میوان و نەوەك بەشداری ۆرك شۆپەکان ئامادەییان نیە. ئەوەشی ڕاگەیاند بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان لەناو وڵاتانی دنیا وەك دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی خاوەنی ئاڵا نییە ناچارن بەناوی عێراق بەشداری بکەن" بەداخەوە لە زۆربەی چالاکیە نێونەتەوەیەکان وەك ئەم پێشانگایە بەهۆی ئەوەی ولاتەکەمان تا ئێستا لەئاستی نێودەوڵەتی دانپێنراو نیەو خاوەنی ئاڵایەکی ڕەسمی نین بەپێی یاسای جیهان ناچارین بەناوی عێراقەوە بەشداری بکەین ئەمە وەکو کورد مایەی خەمو نیگەرانیمانە بەڵام ئەوەی دڵخۆشمان دەکات ئەوەیە بەناوی هەرکوێ بەشداری بکەین کار دەکەین بۆ ناساندنی کەلتوری دێرینی میللەتی کورد و کارەکانمان بەئاراستەی ناساندنی کەلتوری ڕەسەنی کوردە و لەو بارەیەشەوە تا ئێستا توانیومانە سەرکەوتوبین و دڵخۆشین بەوە سەرەنجی زۆرێك لەمیللەتانمان بەلای کەلەتوری وڵاتەکەمان "کوردستان" ڕاکێشاوە ڕاستە لەم پێشانگایەش ئێمە کە بەناوی عێراق بەشداری دەکەین بەڵام وەك هەمیشە کەلتوری کوردی دەناسێنین."

شایەنی باسە نیان مستەفا قادر جگە لەوەی وەك دیزایەنەرێکی لێهاتوو خاوەنی دیزاینی نوێی جلوبەرگی کوردییە لەئاستی سویدیش وەك دیزاینەرێکی دەسترەنگین ناسراوە و کاری بۆ زیندوکردنەوەی کەلەتوری وڵاتی سویدیش کردووە لەزۆربەی ڤیستیڤاڵە کەلتوریەکانی میللەتانی دنیاش نیان نەیهێشتووە کەلتوری میللەتی کورد لەو بارەیەوە بێ وجود و بێ ڕەنگ بێت.